# ژیـــــــان له پێشی روو دا (٥)

ن: ڕۆمەن گەری
وەرگێر له فارسییەوە: هیوای نوێ

ـ بەڕێز هامیل چۆن دەزانێ ناوی من محەمەده و موسڵمانیشم، له کاتێکدا هیچ بەڵگەشی بۆ سەلماندنی ئەو بابەته نەبووه.

بەڕێز هامیل هەر جار دەیەوێ بڵێ ویستی خودا بووه، دەستێکی بەرز دەکاتەوه.

ـ کاتێك زۆر بچووك بووی. هێناتیان بۆ لای خاتوو ڕۆزا. ئەو دەفتەری ناونووسی نییە. محەمەده بچکۆل، خاتوو ڕۆزا له دوای تۆ، هاتن و ڕۆشتنی گەلەك منداڵی بینیوه و لەڕاستیدا نەهێنیەی زۆر لایه، چوونکه هەندێ جاریش ژنانێك پەیدا بدەن که نەهێنێ پارێز بن. تۆ له سەرەتاوه به ناوی محەمەد ناسراوی و بۆیەش وەك کەسێکی موسڵمان تۆی له بیر ماوه، ئەو دەم ژنێك که تۆی هێنایه دنیاوه، چیتر ناونیشانی له خۆی بەجێ نەهێشت. تاکه نیشانه که بەجێی هێشت تۆی، محەمەدی بچکۆلەی خۆم. تۆ منداڵێکی زۆر جوانی. وادانێ باوکت له شەڕی ئەلجەزایردا کوژراوه، ئەگەر مرۆڤێك پاڵەوانی ڕێگەی ئازادی بێ، زۆر جوان و گرینگه.

ـ بەڕێز هامیل له باتی ئەوەی پاڵوان بم، پێم باشتره باوکم هەبێت. پێم خۆش بوو باوکم گەوادێکی باش ئەبوو و له دایکمی ڕادەگرت.

ـ محەمەده بچکۆڵ، نابێ چیتر لەم قسانه بکەی، هەندێك بیر له یوگوسلاڤییەکان و کروسییەکان بکەوه. ئەوان هەر جار تاوانەکان دەخەنه گەردنی خۆمان. گەوره کردنی منداڵ لەم کۆڵانەدا زۆر دژوار بووه.

هەستم کرد بەڕێز هامیل شتێکی دەزانی و نەیگوت. پیاوێکی باش بوو. له هەمووی تەمەنیدا قاڵی فرۆشی کۆڵانان نەبوو. ئەو دەیتوانی مرۆڤێکی گرینگ بێ و لەوانەیه مافی ئەوەشی هەبووبا له شەر قاڵیی باڵندەیەك دانیشێ که له لایەن ماسییەکانەوه ڕادەکێشرا.

وەکوو ئیمامی مەغریبی، سەید والی دادا.

ـ بەڕێز هامیل له بەرچی منیان له قۆنابخانه وەدەر نا؟ خاتوو ڕۆزا وتی لەبەر ئەوەیه له تەمەنم بچووکترم، دواتر وتی له تەمەنم گەورەترم، دواتریش وتی تەمەنم ئەوه نەبوو که دەبێ ببا و، دواتر منی برد بۆ لای دکتۆر کاتز و، ئەویش وتی من له کەسانی دیکه جیاوازم. وەکو شاعیرێکی مەزن؟

وا بزانم بەڕێز هامیل خەمبار بوو. دەکرا له چاوەکانییەوه بیبینی. هەر دەم چاوی خەڵك له هەموو بەشێکی دیکەی جەستەیان خەمبارتره.

ـ محەمەده بچکۆل، تۆ منداڵێکی زۆر هەستیاری و جیاوازی تۆش دەگەڵ منداڵانی دیکەش هەر ئەوەیه و... پێکەنی.

ـ لەم ڕۆژانەدا هەستیار بوون زۆر دەگمەن بووه.

به زمانی عەرەبی قسانمان دەکرد بەڵام وەرگێرانی فەرانسەوییەکی ئەوەنده جوان نییە.

ـ بەڕێز هامیل، ئایا باوکم دزێکی بەناوبانگ بووه و خەڵك لێی دەترسان، یانی تەنانەت نەیاندەوێرا لەسەری قسه بکەن؟

ـ نا، نا محەمەد بەو جۆره نییە. من قەت شتی وام نەبیستووه.

ـ بەڕێز هامیل کەواته بیستووتانه؟ سەری له خوارێ کرد و ئاخێکی هەڵکێشا.

ـ هیچ.

ـ هیچ؟

هیچ؟

هەمیشه دەگەڵم وا بوونه، هیچ.

وانەکەمان تەواو بوو. چیتر بەڕێز هامیل لەسەر نیس قسانی بۆم دەکرد و منیش زۆرم حەز لێیبوو.

کاتێك سەبارەت به گاڵتەچییەکانی سەرشەقام که سەمایان دەکرد و مرۆڤه زەبەلاحەکانی که زۆر دڵخۆش و شادومان بوون و لەسەر عارەبانەکان دانیشتبوون, قسەی دەکرد، هەستم دەکرد له ماڵی خۆمان دام. ئەوێ جۆره باڵندەیەکی سپی هەیه، کاتێ دەفڕن وا دەزانی له خۆشیا چەپڵه لێدەدەن.

ڕۆژێك، من و موسا و منداڵێکی دیکه که ناوی شتێکی تر بوو، بڕیارمان دا به پێی پیاده بڕۆین بۆ نیس و له دارستانی میموزای به نێچیرەکانی خۆمان بژین. ڕۆژێك بەری بەیانی کەوتینه ڕێ و تا فولکەی پێگاڵ ڕۆشتین، بەڵام لەوێ ترس دایگرتین، چوونکه له ماڵەوه دوور کەوتبووینەوه و ئیتر گەڕاینەوه. خاتوو ڕۆزا دەیوت خەریك بووه شێت بێ، بەڵام ئەو هەر جار که ئەیەویست هەستی خۆی گەورەتر و سوزاوی تر نیشاندات، ئەو قسانەی دەکرد.

له دوای دیدارمان دەگەڵ دکتۆر کاتز، من و خاتوو ڕۆزا پێکەوه گەڕاینەوه و شانازی دیتنی بەڕێز نێدا ئامێدیمان پێ بەخشرا. ئەو لەو دەسته مرۆڤانه بوو جلی پۆشینی زۆر جوان بوو. ئەو گەورەترین گەوادێکی که تا ئێستا شاری پاریس بەخۆی بینیویەتی. هاتبوو بۆ لای خاتوو ڕۆزا تا ئەو نامەیەك بۆ بنەماڵەکەی بنووسێت. بەکەسی نەوتبوو خوێندەواری نییه. قاتێکی هەورێشمی هەبوو که دەمتوانی دەستی بەر سەردا بکێشم، کڵاوێك و کراسێکی پەمەیی و کراوات پێکەوه وایان دەکرد تا ئەو سەرنج ڕاکێشتر بێت.

ئەو خەڵکی نیجێریه بوو، یەکێ له وڵاتاقی ئەفریقاییه. ئەو پیاوێکی خۆپەروەر بوو، هەر دەم به قات و کلکەونه ئەڵماسەکەی که لەدەستی دەکرد، دووبارەی دەکردەوه: " من خۆم، خۆمم دروست کرد". کلکەوانەیەکی له هەر پەنجەیەکیدا هەبوو، کاتێك مەیتەکەیان له سێن دۆزیەوه، ناچار کەوتبوون پەنجەکانی ببڕنەوه تا بتوانن کلکەوانەکانی ببەن. ئاخۆ دەزانی مەسەله تۆڵەسەندنەوه بوو. بۆیه ئێستا باسم کرد تا دواتر ناڕاحەت نەبن. کاتێك هێشتا زیندوو بوو، خاوەنی بەشێك له پیادەڕێی نەختی پێگاڵ بوو. نینۆکەکانی لای مانیکوریست دروست دەکرد. نینۆکەکانیشی پەمەیی بوون. له بیرم چوو بڵێم جلیسقەیەکیشی هەبوو. هەمیشه بەهێوری سمێڵەکانی بادەدا، وەك ئەوەی ئەیەویست دەگەڵی میهرەبان بێ. هەمیشەش دەگەڵ خۆیدا هەدیەیەکی خۆراکیی بۆ خاتوو ڕۆزا دەهێنا. بەڵام خاتوو ڕۆزا پێی خۆش بوو عەتر ببا، چوونکه دەترسا لەوەی هەیه قەڵەوتر ببێ. من تا ماوەیەك، هەستم نەدەکرد بۆنی پیس دەدات. له ڕاستیدا بۆ ئەوەی بتویستبا هەدیەیەك به خاتوو ڕۆزا بدەی، عەتر باشترین شت بوو. چەند شووشەی جۆراوجۆری عەتری هەبوو، بەڵام هەر تێنەگەیشتم لەبەرچی له پشتی ملی دەدات، دروست وەکو کاتێك مەعدەنووس به گۆشتی گادا دەماڵن تا بۆنی خۆش بێت. بەڕێز نێدا ئامێدیێ نەخوێندەوار بوو، چوونکه بەر لەوه کاتی قوتابخانەی بگات، بۆ خۆی ببوه پیاوێك. نامەوێ وانەی مێژووتان بۆ بگێڕمەوه، بەڵام ڕەش پێستەکان گەلەك زۆری و زەحمەتییان بینیوه، هەر کات دەرفەتتان هەبوو، لێیان تێبگەن. هەر بەو هۆیەش بوو بەڕێز نێدا ئامێدیێ نامەکانی دەدایه خاتوو ڕۆزا تا بۆی بنووسێت. دواتر نامەکەی بۆ باوك و دایکی له نیجێریه دەنارد. لەوێدا دووچاوەکی ماڵ کاوڵی کردبوون، دواتر شۆڕشیان کرد و حوکوومەتیان دروستکرد و ئیتر له زەحمەتی ڕزگارییان بوو. دووچاوەکی ڕەگەزی هیچ لەتمەیەکی له من نەداوه، بۆیەش ناتوانم چاوەڕوانی شتێك بم. سەرەڕای ئەوەش لەوانەیه ڕەشەکان کەم و کورتی دیکەشیان هەبێ.

بەڕێز ئامێدیێ لەسەر قەرەوێلەیەك دادەنیشت که کاتێك سێ چوار کەس بووینایه، لەسەری دەخەوتین ــ و کاتێك زۆرتر دەبووین لای خاتوو ڕۆزا دەنووستین ـ یا لاقێکی لەسەر دادەنا و ڕادەوەستا و تا بڵێ خاتوو ڕۆزا چ شتانێك بنووسێت. بەڕێز نێدا ئامێدی کاتێك قسەی دەکرد زۆر دەجووڵا، ناڕاحەت دەبوو و تەنانەت زۆر بەجیدی تووڕە دەبوو، ئەمانەش نه بۆ ئەوه بوو که تووڕەیه، بەڵکو دەیەویست زۆر شت به بنەماڵەکەی بڵێت که ناتوانێ له ڕێگه نووسینەوه بەیانی بکات. دەگەڵ باوك و دایکی بەڕێزمدا دەستی پێدەکرد و دواتر ئاگری تێبەردەبوو و، چوون زۆر شتی بۆ وتن هەبوو و نەیدەتوانی بیڵێت، له دڵیدا دەمانەوه. نەیدەتوانی بیڵێت، له کاتیکدا دەبا لەباتی وشه، زێڕ و ئاڵتوون له زاریدا بڕژایه خوارێ. خاتوو ڕۆزا له نامەکاندا لەسەر خوێندەواری، دروست کردنی بەنداو و خزمەت بۆ نیشتمان قسەی دەکرد. کاتێك خاتوو ڕۆزا خامەکەی دەخوێندەوه، بەتەواوەتی کەیف خۆش دەبوو. خاتوو ڕۆزا پێی خۆشبوو بەڕێز ئامێدیێ خۆشحاڵ ببینێ، بۆیه شەقام و پرد و شتی واشی بۆ دروست دەکرد.

بەڕێز ئامێدی بەجوانی گوێداری نامەکەی دەکرد و لەو کارانەی کەوا له نامەکەدا کردبووی، چێژی فراوانی دەبرد و هەمیشه له پاکەتی پارەدا دەنا تا بنەماڵەکەی قسەکانی باوەڕ بکەن. بەو قاته شانزالیزەیەوه خۆشحاڵ دەبوو و تەنانەت خۆشحاڵتر له خۆشحاڵیش دەبوو. خاتوو ڕۆزا دەیگوت کاتێك گوێداری خوێندنی نامەکان دەکات، چاوەکانی وەکو چاوی مرۆڤێکی بەباوەڕ دەنوێنێت. ڕەش پێسەکانی ئەفریقا ـ چوون له شوێنانی دیکەش هەن ـ لەو ڕووەوه له ڕەش پێستەکانی تر له پێشەوەن. مرۆڤی بەباوەڕ ئەو کەسانەن بڕوایان به خوا هەیه، وەکوو بەڕێز هامیل که هەردەم له خوا قسەم بۆ دەکات و پێم دەڵێ: کاتێك گەنجی دەبێ ئەو شتانه فێربی، مرۆڤ له گەنجیدا شتەکان به باشی فێر دەبێت.

بەڕێز هامیل لەسەر کراواتەکەی پارچه ئەڵماسێکی هەبوو که دەدرەوشایەوه. خاتوو ڕۆزا دەیوت ئەو ئەڵماسه ڕاستەقینەیه و نابێ وابیربکەینەوه که ساختەیه، چوونکه هەمیشه دەبێ لایەنگری دادوەری بین.

باوه گەورەی دایکێنی ئەو له ئیش و کاری ئەڵماسدا بووه و خاتوو ڕۆزا لەوی به میرات بردووه. ئەڵماسەکه دروست له خوار ڕوخسای بەڕێز نێدا بوو و دەدرەوشایەوه، ڕوخساریشی وەکوو ئەڵماس دەدرەوشایەوه، بەڵام نه به هەمان هۆی ئەڵماسەکه. خاتوو ڕۆزا هەرگیز شتانێك که له دوایین نامەدا بۆ بنەماڵەکەی له ئەفریقادا نووسی بووی وەبیری نایەتەوه. بەڵام دەیوت گرنگ نییه. مرۆڤ چەنده کەمتری هەبێ، زۆرتر دەیەوێ باوەڕ بکات. سەرەڕای ئەوەش بەڕێز نێدا ئامێدیێ بەشوێن شتێکی تایبەتەوه نەبوو. بۆ ئەو جیاوازی نەبوو، تەنیا باوك و دایکی خۆشحاڵ ببان بەس بوو. زۆر جاریش باوك و دایکی له بیر دەکرد و دەربارەی خۆی که گۆیا چ کارگەلێکی کردووه و یا ویستویەتی بیکات، قسەی دەکرد، قەت نەمدیبوو کەسێك وەها لەسەر خۆی قسه بکات. دەیگێڕایەوه و دەیوت هەمووان وەکو پاشا ڕێزیان بۆ داناوه. دەیوت "یا، من پاشام" و خاتوو ڕۆزاش له تەنیشت شتەکانی دیکه له نامەکەدا دەینووسی. دواتر دەیگوت بەڕێز نێدا هاتووه و بەتەواوەتی شێت بووه. شێتەکەشی به زمانی جولەکان دەوت. دەیوت: شتێکی مەترسیداره و بۆ ئەوەی دەردیسەریمان بۆ دروست نەکات، پێویسته هەر چی دەڵێت ئەنجامی بدەم. دەڵێن چەند کەسی کوشتووه، بەڵام ئەم ڕووداوه له ناوبەر ئەو ڕەش پێستانەدا ڕوویداوه که ڕەگەزنامەیان نییه. ئەوان وەك ڕەش پێسه ئەمریکییەکان که ئەمریکی له قەڵەم دەدرێن، فەرانسەوی نەبوونه و، پۆلیس تەنیا لەسەر کەسانێك دکۆڵێتەوه که بوونیان هەبێ. ڕۆژیش هەبوو دەگەڵ ئەلجەزایری و کراسییەکان پێکیاندەدا و ئەوجار خاتوو ڕۆزا دەبـــوو




نامەیەکی دیکەشی بۆ بنووسێ، بەڵام خوێندنی ئەم نامەیه کەسی دڵخۆش نەدەکرد. قەت نابێ وا بیربکەینەوه که گەوادەکان وەکوو کەسانی دیکه کێشه و گرفتیان نییه. بەڕێز ئامێدی هەمیشه دەگەڵ دوو پاسەواندا دەهات، چوونکه دەترسا و پێویست بوو بیپارێزن. کاتێك ئەوانت دەدی، بێ ئەوەی بتوانی قسەیەك بکەی تەسلیم دەبووی. چوونکه زۆر ناشیرین بوون و مرۆڤیان دەتۆقاند. یەکێکیان بۆکسۆر بوو، ئەوەنده مشت لێدرا بوو که چیتر ڕوخساری وەك خۆی نەمابوو، چاوێکیشی کەوتبووه خوارێ. لوتی پان ببووه و مژۆڵەکانی له کێبەرکێ ناتەواوەکاندا که ئەوەنده له سەر و چاویان دابوو، وەری بوو. چاوەکەی تریشی زۆر باش نەبوو، وەك ئەوه دەچوو کاتێك لەو چاوەکەیان داوه، ئەم چاوەکەشی دەرپەڕیوه. بەڵام تا حەز کەی مشتەکانی بەهێزبوون، ماسوولەکانی دەستی ئەوەنده گەورەبوون له کەمتر شوێنێکدا دەیبینی. خاتوو ڕۆزا به منی وتبوو، چەنده بیر و خەیاڵ بکەمەوه خێراتر گەوره دەبم. بەدڵنیاییەوه مشتەکۆڵەکانی بەڕێز یۆرۆش زۆری لەسەر بیروخەیاڵ کردۆتەوه که ئەوەنده گەوره بوونه. ■

کۆتایی بەشی پێنجەم